ئەنجوومەنی وەزاری بۆ ئابووری پابەندی خۆی بۆ بەخشینی دەرمانی شڕپەنجەی بە جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان دەرکرد

ئەمڕۆ دووشەممە,ئەنجوومەنی وەزاری بۆ ئابووری پابەندی خۆی بۆ بەخشینی دەرمانی شڕپەنجەی کەمپانیای "نۆڤۆ"ی سویسری لە کێشەکان بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان دەرکرد,هەروەها ئاماژەی بە پابەندی خۆی بۆ دەستپێکردنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ژێرخانی زیارەتە ملیۆنییەکان کرد. لە هاگیێندراوەکدا کە نووسینگەی هاگیاندنی ئەنجوومەنی وەزاری بۆ ئابووری، کە دەستی موتابع کەوتووە، هایگیاندووە، "جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزاری بۆ ئابووریی فوئاد حسێن، سەرپەرشتی بیستەمین خولی ئەنجوومەنی وەزاری بۆ ئابووریان کرد، کە لە باڵەخانەی ئەنجومەن بۆ ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی حکومەت،و وەزیری پلاندانان، و وەزیرانی دارایی، بازرگانی، کشتوکاڵ، پیشەسازی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران، پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق، جێگری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی، و هاوڕێکارانی سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئابووری و یاسایی بەشداچوو".

لە هاگیێندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "ئەنجومەنەکە گفتوگۆی لەسەر ئەو بڕگانە کرد کە لە بەرنامەی کارکێدا بوون و بڕیاری پێویستی سەبارەت بەو بابەتە داوە. ئەنجومەنەکە گوێی لە کورتەیەک لە لایەن جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوە و سەرۆکی ئەنجومەن گرت سەبارەت بە دواییین

پشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی ڕژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوداوەکانی ئەم دواییە و ئەو گرژیانەی کە لە ئەنجامی ئەپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە لە ناوچەکەدا ڕویاندا".

سەرکی ئەنجومەن جەختی لە "پەویستی پێوەکردنی ڕێبازی دیپلۆماسی و زمانی گفتوگۆ و دانوستان، نەک بژاردەی سەربازی، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی هەرێم" کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هەوونیکردووەتەوە "ئەنجومەن داواکارییەکەی وەزارەتی تەندروستی پەسەندکرد بۆ بەخشینی بڕەهەمەکانی دەرمانی شڕپەنجەی کەمپانیای نۆڤارتی سویسری لە ڕێگای جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان، بۆ لێبڕچاوگرتنی گرنگی ئەم دەرمانانە بۆ بەشەکی بڕچاو لە تووشبووانی شڕپەنجە".

ئاماژەی بۆشکرد، "ئەنجومەن داواکەی وەزارەتی پلاندانانیش پەسەند کرد بۆ دەستپێکردنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی زیارەتە ملیۆنییەکان، سەبارەت بە ژێرخانی ئابووری، ئەنجومەن پێداچوونەوەی بە توژینەوەکەدا کرد لەسەر تایبەتمەندییەکانی چاکسازیی سیاسەتی ئابووری و پڕۆپەدانی کەرتی تایبەت لە هەموو لایەنەکانییەوە، هەروەها فەرمانی دا کە دابشبکرێت بەسەر قەوارە کەرتییە جیاوازەکاندا بۆ جێبەجێکردن و بەکارهێنانی لە پڕۆپەدانی کەرتەکانیان".